# بەراوردکردنی نیشانەی ڕێزمانی و ئامراز لە زمانی کوردیدا

**(هەڵێنجراو – مستل)**

**ڕێباز مەحمود محەمەدساڵح**
بەشی زمانی کوردی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

**پ. د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوول**
بەشی زمانی کوردی
کۆلێژی زمان
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی ( بەراوردکردنی نیشانەی ڕێزمانی و ئامراز لە زمانی کوردیدا)یە، هەوڵێکە بۆ باسکردنی بابەتێکی گرنگی زمان، کە لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی ورد و زانستی باس نەکراوە، هەندێ جار بە هەڵە بە نیشانەی ڕێزمانی وتراوە ئامراز و بەپێچەوانەوەش.

باسکردنەکەش زیاتر لەڕووی وشەسازی و ڕستەسازی دەبێت، چونکە تێکەڵاوکردنی نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان هەڵەیەکی باوە و زیاتر هۆکارەکەی بۆ فۆڕمەکەیان دەگەڕێتەوە.

ئەم توێژینەوەیەش لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: ناساندنی نیشانەیە کە چەمک و تایبەتمەندی و پێناسە و جۆرەکانی نیشانە دەگرێتە خۆ.

بەشی دووەم: ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت: ( چەمک و تایبەتمەندی و پێناسە و جۆرەکانی ئامرازەکانی: پەیوەندی و لێکدەر و گەیەنەر، هەروەها جیاکردنەوەی نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازە نووساوەکان بە وشەکانەوە).

بەشی سێیەم: خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان، کە لەنێوان نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان هەن، دەگرێتە خۆ.

وشە سەرەکییەکان: نیشانەی ڕێزمانی، ئامراز، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی لێکدەر، تایبەتمەندی.

## پێشەکی:

**١: ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (( بەراوردکردنی نیشانەی ڕێزمانی و ئامراز لە زمانی کوردیدا))یە.

**٢_ ڕێبازی توێژینەوەکە:** وەسفیی شیکارییە.

**٣_ ئامانجی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە ئامانجی دیارکردنی:

ا- جۆرەکانی ئامرازی بەیەکەوە بەستنی ڕستەکان.

ب- لایەنە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان.

**٤- هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:** ڕێزماننووسانی دێرین باسی نیشانە و ئامرازیان کردووە، بەڵام هەندێ جار تێکەڵاویان کردووە. بەو واتایەی؛ بە نیشانەکانیان وتووە ئامراز و بەپێچەوانەوەش، جا لەبەر ئەم هۆکارە ئەم بابەتەمان هەڵبژاردووە.

**٥_ سنووری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زاری کوردی ناوەڕاستی زمانی کوردیدایە.

## بەشی یەکەم: ناساندنی نیشانە

**١-١: نیشانە:** ڕێزماننووسانی کۆن زۆر جار بەرانبەر پاشگرو پێشگرە ڕێزمانییەکان زاراوەی نیشانەیان بەکارهێناوە، کە بەشێوەیەکی زانستییانە بۆی چوون، بەڵام بەرانبەر ئەو پێشگرو پاشگرانەی وشەی نوێیان دروستکردووە، زاراوەی پێشگر یان پاشگریان بەکارهێناوە، دەبێ ئەوەش بووترێ کە زاراوەی نیشانە، تاکو ئێستاش لەلایەن هەندێک لە پسپۆڕانی زمانەوانی بەکاردێت.

لە زمانی کوردیدا چەندین نیشانەی ڕێزمانی هەن، کە ئەمانەن[1]:

(ی، ێ، ەک، ێک، ان، ات، ەها، نی، ئە، دە، ب، نە، نا، مە، را، رێ، تر، وە، ەوە، گەل، ەکە، ینە، ە، ۆ، ێ)

**١-٢: تایبەتمەندییەکانی نیشانە:**

١ـ کۆمەڵەیەکی داخراو پێکدێنن و دەتوانرێت ئەندامەکانیان بژمێردرێن، وەکو: (ەکە، ێک، ێ، .... هتد).

٢ـ بەسەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی وشەوە دەلکێن و بەشێکن لە وشەکە، وەکو:

دووەم، <u>دە</u>کەم، ڕابکە.

٣ـ ئەرکی ڕێزمانی جیاواز بە وشە دەبەخشن، وەکو:

سوێرتر ⟵ نیشانەی ئاوەڵناوی بەراوردە.

٤ـ هەموویان لە ڕێزمانی نوێدا بە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی دادەنرێن؛ واتە نیشانەی ڕێزمانی = مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی.

٥ـ لە ڕووی فۆڕمەوە لە پێشگر و پاشگرەکان دەچن، وەکو ئەوانیش بەتەنیا واتایان نییە، بەڵام لە ڕووی ژمارەوە لەوان کەمترن.

٦ـ دەتوانن نیشانەی ڕێزمانی تر وەربگرن ، تەنانەت دەتوانن، نیشانەی هاوشێوەی خۆیانیش وەربگرن، وەکو: سەوزەوات + ەکە + ان = سەوزەواتەکان.

میوە + جات + ان = میوەجاتان    ئەم میوەجاتانە بفرۆشن.

٧_ شێوەیان دەناسرێتەوە، چونكە بە وشەكان دەلكێن، وەكو: پیاوەكە.

٨_ دەچنە سەر زۆربەی بەشە ئاخاوتنەكان.

٩_ لابردنی هەندێک لە نیشانە ڕێزمانییەكان لە ڕستەدا نابێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی ناڕێزمانی، بەم شێوەیە دڵزاریش وێنەگرە –دڵزار وێنەگرە.

**١-٣: جۆرەكانی نیشانە:** دەتوانرێ دوو جۆرە پۆڵێنكردن بۆ نیشانەكان بكرێن، بەم شێوەیە:

١_ بەپێی شوێنیان لە وشەدا، دەبنە سێ جۆر، كە ئەمانەن:

آ_ سەرەتای وشە: دەخۆم.

ب_ ناوەڕاستی وشە: هەڵبژێرە.

ج_ كۆتایی وشە: پیاوەكان.

٢_ بەپێی بەشە ئاخاوتنەكان: دەبنە شەش جۆر، كە ئەمانەن:

١_ نیشانەكانی سەر ناو: ەكە، ێک، ان، ێ، ە، ی.

٢_ نیشانەكانی سەر ئاوەڵناو: تر، ترین.

٣_ نیشانەكانی سەر كار: دە، مە، نا، نی، را، اندن، وە، بوو.

٤_ نیشانەكانی سەر ژمارە: ەم، ەمین.

٥ _ نیشانەكانی سەر چاوگ: ن.

٦_ نیشانەكانی سەر ئاوەڵكار: كە

**١-٤: پێناسەی نیشانە:** ئەو مۆرفیمانەن كە دەچنە سەر وشەكان و دەبنە بەشێک لە وشەكە، بە تەنیا لەدەرەوەی وشە واتایان نییە، بەڵام كاتێک دەچنە سەر وشەكان واتایان دەگۆڕن و واتای وشە نوێیەكە جیاواز دەبێ لە واتای وشە ڕەسەنەكە، وەكو:

خوارد –دەخوارد.

**١-٥: چەند سەرنجێک لەسەر نیشانە ڕێزمانییەکان لای زمانەوانە دێرینەکان [٢]**

هەندێ جار لەجیاتی نیشانەی ڕێزمانی، پێشگر یان پاشگر بەکاردێن، کە ئێمە لەگەڵی نین، چونکە پێشگر یان پاشگر وشەی نوێی خاوەن واتای نوێ پێکدەهێنن، جا بۆیە دەتوانرێت بووترێت نیشانەی ڕێزمانی، یاخود پێشگری ڕێزمانی یان پاشگری ڕێزمانی، بۆ نموونە:

١_ نیشانەکانی ( تر، ترین، ێک، ان، اندن، ەوە، ەک، کە، ەکە، ە، ەم، ەمین، ...) بە پاشگر داناوە، کە ئەمەش هەڵەیە، بەڵکو نیشانەی ڕێزمانین.

٢_ نیشانەکانی ( ئە، دە، ب، مە، نە، نا،...) بە پێشگر داناوە، کە ئەمانە پێشگری ڕێزمانی، یاخود نیشانەی ڕێزمانین.

٣_ نیشانەکانی ( تر، ترین، ی، ە، ان، ئە، ێ، ب، دە، را، ڕێ، ۆ، ینە، ەک، ێک، ەکە، کە، هات، جات، وات، گەل، بایە، نە، نا، مە،...) بە ئامراز داناوە، کەچی ئامراز نین، بەڵکو نیشانەی ڕێزمانین.

## بەشی دووەم: ئامراز

**٢-١: چەمکی ئامراز:** ئامراز بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە بەهۆیەوە کردەی تێگەیشتن لە نێوان کەسەکاندا ئاسانتر دەبێت، هەروەها ئامراز زیاتر پەیوەندیی بە ڕستەوە هەیە، واتە؛ وشەکان لەڕووی مەبەست و واتاوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە (فەخری، ١٩٧٥، ٢٠٠)، چونکە ئامراز بە تەنیا واتای تەواو بەدەستەوە نادات، بەڵکو واتاکەی پەیوەستە بەو وشانەی کە لەگەڵیان دێت.

سەرەڕای ئەوەش ئامراز بەرانبەر بەشەکانی ئاخاوتن، وەکو ( ناو، ئاوەڵناو، ڕاناو، ئاوەڵکار، کار، ... هتد ) دەوەستێت (سەعید، ٢٠١٣، ٦٥)، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئامراز هەروەکو بەشەکانی تری ئاخاوتن بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەنووسرێت، بەڵام وەکو بەشەکانی تری ئاخاوتن واتاداری سەربەخۆ نییە.

**٢-٢: تایبەتمەندیی ئامراز:** ئامراز وەکو بەشێک لە بەشەکانی ئاخاوتن خاوەن چەندین تایبەتمەندیی خۆیەتی کە بەهۆیەوە لە بەشەکانی تری ئاخاوتن جیادەکرێتەوە، لەوانە:

١- لەڕووی شێوەوە لە وشە دەچن، بەڵام بەتەنیا واتای سەربەخۆیان نییە، لە ڕستەدا واتایان ڕووندەبێتەوە (شوانی، ٢٠١٤، ٤٤)، وەکو: بنار دەچێتە قوتابخانە، بەڵام ناخوێنێت.

ئامرازی (بەڵام) بەتەنیا واتای دەرناکەوێ، بەڵام لەم ڕستەیەی سەرەوەدا واتاکەی دیارە کە ئەویش واتای پێچەوانە دەگەیەنێت، کەچی عەبدوڵڵا حوسێن دەڵێت: هەندێک ئامرازمان هەیە، کە بەتەنیا بەکاردێن و دەبنە وەڵام و ڕستە (ڕەسوول، ٢٠١٤، ٦٣)، وەکو ئامرازی ( بۆ ):

ـ زۆر ئیرەییت پێ دەبەم. ـ بۆ؟

بەڵام دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە (بۆ) ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکو ئامرازی پرسە کە کورتکراوەی ئامرازی (بۆچی) یە.

٢_ پێشگر و پاشگرو ناوگر وەرناگرن، بۆ ئەوەی وشەی نوێی خاوەن واتای نوێی لێ پێکبێت: وەکو ئامرازەکانی: ( چونکە، بەڵام، لە،....) (شوانی، ٢٠١٤، ٤٤).

٣_ شێوەیان دەناسرێتەوە، چونکە شێوەیەکی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام هەندێک ئامرازمان هەیە شێوەکەی دەگۆڕێت بە تایبەتی لە ئاستی ڕستەسازی، وەکو ئامرازەکانی: ( بە، لە، بۆ، ....) ( امین، ٢٠١٦، ٤٨)، وەکو:

ئێوە پەڕەکانتان بە من بدەن. ←ئێوە پەڕەکانتانم بدەنێ.

لەم ڕستەیەدا ئامرازی (بە) گۆڕاوە بۆ (ێ)٠

٤_ ژمارەیان دیاریکراوە، بەو واتایەی؛ دەتوانرێت، ئەندامەکانیان دیاری بکەین و بیانژمێرین.

٥_ دەشێ ئامراز لە یەک فۆنیم یان زیاتر پێکهاتبێت، وەکو:

و: یەک فۆنیمە و ئامرازی لێکدەرە.

ئەوسا: پێنج فۆنیمە و ئامرازی لێکدەرە.

٦_ ئامراز لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕستە دێت، وەکو:

ئاشنا بە پێ هات.

ڕێڤین زیرەکە، ئاوارەش. بۆم ببە.

٧_ ئامرازەکان جۆری ڕستەمان بۆ دیار دەکەن؛ بەو واتایەی؛ بەهۆی ئامرازەوە جۆرە جیاوازەکانی ڕستە دەستنیشان دەکرێ، وەکو:

_ نەمام بە یەکەم دەرچوو. (ڕستەی سادە)

_ ڤاڵا لە دایک نەبووبوو، کە من لە کۆلێژ وەرگیرام. (ڕستەی ئاڵۆز)

_ زانا دڵی باشە، بەڵام بەختی نییە. (ڕستەی لێکدراو)

٨_ ئامرازەکان پەیوەندیی نێوان وشەکانی ڕستە بەهێز دەکەن، هەروەها واتای ڕستەکە جوانتر ڕووندەکەنەوە، جگە لەمەش بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازەکانەوە قسەکەری زمانەکە دەناسرێتەوە، وەکو:

*کوڕەکە چوو قوتابخانە.       (زمانی کەسێکی بێگانەیە)
_ کوڕەکە چووە قوتابخانە.       (کەسی خاوەن زمان)

**٢-٣: پێناسەی ئامراز:** ئامراز کۆمەڵێك پێناسەی بۆ کراوە لەوانە: (( ئامراز بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کەواتە ئامراز وشەیە)) (فەخری، موکریانی،١٩٨٢، ١٩٣)، بەو واتایەی وشەن، وەکو ئامرازی: (ش ،و) کە ئامرازن لە ئاستی وشەسازی، هەروەها ئامراز (( مۆڕفیمێکی سەربەخۆی بێ واتایە، دەورێکی بزێوی سینتاکسی دەبینێ و هەمیشە دروستکەری گرێی ناوییە)) (لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، ١٩٨٥، ٣١)، بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێک فۆڕمێکی سەربەخۆی هەبێت،  وەکو ئامرازی (پێ) لە ڕستەی (پێت دەڵێم). کەواتە ئامراز: بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، لە فۆنیمێک یاخود زیاتر لە فۆنیمێک پێکدێت، کە فۆڕمێکی سەربەخۆ یان لکاوی واتا بەندی هەیە، بەڵام پەیوەندیی نێوان وشەکانی ڕستە بەهێز دەکات و ڕۆڵی هەیە لە پێکهێنانی چەندین جۆری گرێ.

**٢-٤: جۆرەکانی ئامراز:** لە زمانی کوردیدا سێ جۆرە ئامراز هەیە، کە ئەمانەن:

١_ ئامرازی پەیوەندی: لە ڕستەی سادە و نासادە بەکاردێت؛ واتە ئەو ڕستانەی یەک کار، یان زیاتریان تێدایە.

٢_ ئامرازی لێکدەر و گەیەنەر: ئەو ئامرازانەن، کە دوو ڕستە، یان زیاتر بەیەکەوە دەبەستن.

٣_ ئامرازی نیشانە: ئەمانەش ئەرکیان دەستنیشانکردنی وشەکانە، یاخود گرێکانە، وەکو ئامرازە نیشانەکانی (ئەم....ە، ئەو ....ە).

**٢-٤-١: ئامرازی پەیوەندی [٣]**: ئەو ئامرازەیە لە ڕستەدا لەپێش ناوێک یان ڕاناوێک دێت بۆ پیشاندانی پەیوەندیی نێوان ئەو ناوە یان ئەو ڕاناوە لەگەڵ

ناوێکی تری هەمان ڕستە ( لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠١٧، ٩٥)، بەڵام مەرج نییە ئامراز تەنیا لە پێش ناو یان ڕاناو بێت هەندێ جار لە پێش هاوەڵناو یاخود هاوەڵکاریش دێت، وەکو: ( لە دووەمین، لە دوێنێوە)، یاخود بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە بە تەنیا بەکار نایەت، بەڵکو پێویستی بە کەرەسەی تر هەیە، بۆ ئەوەی واتاکەی دەرکەوێ ( خۆشناو، ٢٠١٥، ١٢٣)، کەواتە ئامرازی پەیوەندی: ئەو ئامرازانەن کە بە تەنیا واتای سەربەخۆیان دەرناکەوێ، بەڵکو لەناو ڕستەدا واتاکەیان دەردەکەوێ، چونکە دەبنە هۆی گۆڕینی واتای ڕستە. واتە؛ بێ واتا نین، بەڵکو واتایەکی بەندیان هەیە و بە هۆی واتای وشەکانی پێش و پاشیان واتایان ڕووندەبێتەوە. پ. د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوول بۆ سەلماندنی بوونی واتای ئەم ئامرازانە، بەراوردی ئەم سێ ڕستەیە دەهێنێتەوە لە ڕووی واتاوە:

- من دارێکم وە تۆ دا. (وێتمدا) (واتە؛ دارەکە بە شێوەیەکی کاتی وە تۆ دراوە).

- من دارێکم بە تۆ دا. (پێتمدا) (واتە؛ دارەکە بە شێوەیەکی هەمیشەیی بە تۆ دراوە).

- من دارێکم لە تۆ دا. (لێتمدا) (واتە؛ دارەکە لە تۆ دراوە).

لەم سێ نموونەیەدا دەردەکەوێ، هەریەکە لە ئامرازەکانی (وە، بە و لە) واتای جیاوازیان هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی هەموو پێکهاتەکانی هەرسێ ڕستەکە وەکو یەکن، تەنیا ئامرازەکانیان جیاوازە و دەرەنجام واتای کۆتایی هەر ڕستەیەک جیاوازە لە هەردوو ڕستەکەی تر. کەواتە؛ ئەگەر ئەو سێ ئامرازە تەنیا ئەرکیان هەبووایە و واتایان نەبووایە، ئەوا واتاکان نەدەگۆڕا و ئەوسا تەنیا یەک ئامرازمان پێویست دەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەرکی پەیوەندی و پێویستیمان بەم هەموو ئامرازە نەدەبوو.

**٢-٤-١-١: تایبەتمەندییەکانی ئامرازی پەیوەندی:**

**١_ئامرازە پەیوەندییەکان ڕۆڵیان هەیە لە داڕشتنی ئەم پێکهاتانەی خوارەوە :**

ا- گرێی ئاوەڵکاری، وەکو: لەژێر، لەکاتێکدا، بەپەلە،....

ب- گرێی پرس، وەکو: لە کوێ، لەبەرچی،...

ج- ئاوەڵناوی پلەی بەراورد، وەکو: سەردار لە کۆچەر زیرەکترە. (وەیس، ١٩٨٥، ٣٢-٣٣).

د- گرێی بەند، وەکو: بۆ تۆ، بۆ ئازاد، لە قوتابخانە. (فەرهادی، ٢٠١٣، ٢٠)

هـ- وشەی نوێی خاوەن واتای نوێ، وەکو ئامرازەکانی (بە، بۆ، لە،....) بەم شێوەیە:

بەهێز = بە + هێز        بۆچوون= بۆ + چوون        لەبار = لە + بار

کە بەهۆیەوە وشەی نوێی لێ دروست بووە ( شوانی، ٢٠١٤، ٨٤) (امین، ٢٠١٦، ٤٨-٤٩)، بەڵام دەبێ ئەوە بووترێت، کە ئەو وشانە بەهۆی ئامرازەوە دروست نەبوونە، بەڵکو بەهۆی پێشگر و پاشگرەوەیە، بەم شێوەیە:

بەهێز هات.        (ناوە)  لێرەدا (بە) پێشگرە، نەک ئامراز،

کوڕێکی بەهێز مرد. ( ئاوەڵناوە)  واتە؛ کۆی وشەکە ناوە، یان ئاوەڵناوە.

یاخود ئەگەر وشەی (بەهێز) بگۆڕین بۆ وشەی پرس، دەبینین جارێک دەبێتە (کێ) و جارێکی تر دەبێتە (چۆن)، بەم شێوەیە:

بەهێز هات - کێ هات؟

کوڕێکی بەهێز ڕۆیشت –کوڕێکی چۆن ڕۆیشت؟

**٢_ تایبەتمەندیی ئامرازی پەیوەندی لە ڕستەدا:**

ا_ هەندێ جار لە کۆتایی ڕستەدا دێت، وەکو ئامرازی (ێ) کە شێوەی گۆڕاوی ئامرازی ( بە) یە (امین، ٢٠١٦، ٤٩)، وەکو: کتێبەکانم بە ئەوان دا.

⟵ کتێبەکانم دانێ.

ب_ هەندێ جار دەتوانرێت، لە ڕستەدا لاببرێت بێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکات، یاخود هەندێ جار لە شوێنی ئامرازی لێکدەر بەکاردێت (وەیس، ١٩٨٥، ٣٢)، هەروەها دەتوانن هەندێ جار شوێنی یەکتر بگرنەوە و هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە، بەم شێوەیە:

_ دڵم لە لای باوکمە – دڵم ø لای باوکمە. (لابردن)

_ (( (لدوس) ی ناوە، لای تورک ڕەشەبا

لەگەڵ پەیدابوو نەشئەی خەڵک ئەبا )) (گۆڕین)

لەم نموونەی سەرەوەدا ئامرازی پەیوەندی (لەگەڵ) لە شوێنی ئامرازی لێکدەری (کە) بەکارهاتووە.

_ خانووێکم بۆ ڕێدار فرۆشت. (بۆ فرۆشتن)

_ خانووێکم بە ڕێدار فرۆشت. (پێفرۆشتن) (شوێن نەگرتنەوە)

لەم دوو نموونەی سەرەوەدا، ئامرازەکان جیاوازن، بۆیە واتای ڕستەکانیش جیاواز دەبێت.

_ چیمەن بۆ بازاڕ چوو.

_ چیمەن چووە بازاڕ. (شوێنگرتنەوە)

لەم نموونەیەدا ئامرازەکان گۆڕاون، بەڵام واتای ڕستەکان نەگۆڕاون.

ج_ دەشێ بەهۆی یەک ئامرازی پەیوەندییەوە چەند ڕستەیەک کە بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە لێکدراون، ببەسترێنەوە (خەسرەو، ١٩٥٧، ٣)، وەکو:

_ لە جەژن و خۆشی و تاڵی و شاییدا بەشدارن.

ئامرازی لێکدەر

ئامرازی پەیوەندی

د_ دەشێت لە ڕستەدا هەندێک لە ئامرازەكانی (بۆ، ە –بە، پێ، ە- لە، لێ، ە) شوێنی یەكتر بگرنەوە؛ بەو واتایەی دەبنە ئەلۆمۆڕفی یەكتر (قادر، ٢٠١٦، ٥٧؛ بابان، ٢٠٠٨، ٤٠)، هەروەها دەشێ دوو ئامرازی پەیوەندیی جیاواز، یان زیاتر لە ڕستەدا لە دوای یەک بێن، بەم شێوەیە:

_ بە كاتژمێرێک لە زانكۆوە دەگەمە بازاڕ. (سێ ئامرازن)

_ لە ئەو تووڕەم –لێی تووڕەم. (لە، لێ) ئەلۆمۆڕفی یەكترن.

هـ- دەشێ ئامرازی پەیوەندی لە ڕستەی لێكدراو و ئاڵۆزیش بەكاربێت، هەر بۆیە ئامرازی پەیوەندی لە ئامرازی لێكدەر و گەیەنەر چالاكترە و بەكارهێنانی زیاترە، وەكو:

دڵزار بە كامێرا وێنە دەگرێت و بەهزاد بە مۆبایل.

كە بە پێ دەچم بۆ قوتابخانە هەست بە ئاسوودەیی دەكەم.

**٣_ هەندێ تایبەتمەندیی تری ئامرازی پەیوەندی وەكو دانەیەكی وشەسازی:**

ا_ هەندێ لە ئامرازە پەیوەندییەكان پاشكۆیان هەیە، وەكو: ( لە....ەوە، بۆ....ەوە، لە.....دا،.....)

ب_ لە ئاستی وشەسازی بەكارنایەت، چونكە ڕاستە هەمان شێوەی ئامرازیان هەیە، بەڵام ئەركیان جیاوازە لە ئامراز، بەڵكو پێشگر و پاشگرن.

ج_ لەڕووی واتاوە بەندن بە شێوەی سەربەخۆ لە قسەكردن و نووسین بەكارنایەن.

د_ بەشێكی ئاخاوتن پێكدەهێنن و ئەركیان بەیەكەوەبەستنی بەشەكانی ڕستەیە؛ واتە دەچنە خانەی مۆڕفیمی ئەركی.

ە- واتایەكی گشتی هەیە، كە زیاتر لە ڕستەدا ڕوون دەبێتەوە (شوانی، ٢٠١٤، ٨٥-٨٦).

و_ هەندێک لە ئامرازەکان دەتوانن لەهەمان شوێنی یەکتر بەکاربێن، وەکو: ( بە،وە – بە، پێ – لە، لێ -لە، تێ) (امین، ١٩٥٨، ١٤٦)، وەکو: لە ئەوم خوڕی –تێم خوڕی.

**٢-٤-١-٢: جۆرەکانی ئامرازی پەیوەندی:**

١_ ئامرازی پەیوەندیی سادە: ئەو ئامرازانەن، کە ڕیشەیەکیان هەیە، وەکو ئامرازەکانی ( بە، لە، بۆ، تا، بێ، وەک، وەکو، لای، بەر، نزیکی،...هتد).

٢_ ئامرازی پەیوەندیی ناسادە: ئەو ئامرازانەن، کە دوو ڕیشە، یان زیاتریان هەیە، وەکو: ( هەتا، لەسەر، بەبێ، هەتاکو، بەرەوڕووی، دەربارەی، لە جێی، بەجێگەی، بەرانبەری، بۆلای، بۆ تەنیشت، لەبۆ، لەتەک، لەگەڵ،...هتد).

**٢-٤-١-٣: ئامرازە پەیوەندییە گۆڕاوەکان:** ئەو ئامرازانەن، کە شێوەیان دەگۆڕێت، واتە شێوەی سەربەخۆی خۆیان لە ڕستەدا نامێنێت، بەڵکو وەکو نیشانە ڕێزمانییەکان دەلکێن بە وشەکانەوە، بەڵام واتا و ئەرکی خۆیان دەپارێزن، وەکو ئامرازەکانی (ە، ێ، لێ، پێ، تێ ،وە)، بەم شێوەیە:

| ئامرازی پەیوەندی | ئامرازی پەیوەندی گۆڕاو |
|---|---|
| بە | وە، ە، ێ، پێ |
| لە | ە، لێ، تێ |
| بۆ | ە |

**٢-٤-١-٣-١: ئامرازەکانی پەیوەندیی گۆڕاو:**

١_ ئامرازی پەیوەندیی گۆڕاو (ە): کاتێک (ە) دەبێتە ئامرازی پەیوەندی، ئەگەر بلکێ بە:

ا_ ڕاناوی لکاو، وەکو: من چوومە بەغدا.

ب_ مۆرفیمی کات، وەکو: ڕێبوار چووە گەزوەشان.

ج_ پیتی ناوبڕ، وەکو: ڕزگار دەچێتە سلێمانی. (ڕەسوول، ٢٠١٤، ١٤١-١٤٢).

٢_ ئامرازی پەیوەندیی گۆڕاوی (ێ): کاتێک (ێ) دەبێتە ئامرازی پەیوەندیی گۆڕاو، ئەگەر کاری ڕستەکە داخوازی بێ، هەروەها لە دوای ئامرازی پەیوەندیی (بە)، ناو، یان ڕاناو بێت ( امین، ٢٠١٦، ٤٩)، وەکو:

خانووەکە بە ئەوان بدە. - خانووەکەیان بدەرێ.

٣_ ئامرازی پەیوەندیی گۆڕاوی (پێ، لێ، تێ، وە): ئەو ئامرازانەن، کە شێوەیەکی تری ئامرازە پەیوەندییەکانی (بە، لە)ن، بەم شێوەیە:

لە(دە) کوڕەکەم خوڕی. - تێم خوڕی. (لە، تێ)

ئەو لە منی دا. - لێمی دا. (لە -لێ)

فەرەیدوون بە من دەڵێت -فەرەیدوون پێم دەڵێت. ( بە -پێ)

شەوگارم شەق کرد نەگەییم بە دڵ -شەوگارم شەق کرد نەگەییم وەدڵ (بە -وە). ( امین، ١٩٥٨، ١٤٦).

ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت، ئەوا ئامرازەکانی ( بە، لە) دەگۆڕێن بۆ (لێ، پێ)، وەکو:

بەشدار پارەی لە من وەرگرت - بەشدار پارەی لێم وەرگرت. (کاری تێپەڕ)

منداڵەکە لە من ترسا -منداڵەکە لێم ترسا. (کاری تێنەپەڕ)

**٢-٤-٢: ئامرازی گەیەنەر و لێکدەر:**

لە زمانی کوردیدا دوو ڕستەی سادە یان زیاتر بەهۆی دوو جۆرە ئامرازەوە بەیەکتر دەبەسترێن، کە ئەوانیش:

**٢-٤-٢-١: ئامرازی گەیەنەر:** ئەو ئامرازانەن، کە ڕستەی شوێنکەوتوو بە ڕستەی سەرەکی دەگەیەنن، وەکو ئامرازەکانی ( کە، بۆیە، چونکە، ئەگەر،

لەبەرئەوە،...) (امین، ٢٠١٥، ٧١)، واتە هەردوو ڕستەکە تەواو واتاکانیان پەیوەستە بە یەکترییەوە، بەم شێوەیە:

تا نەخوێنیت، دەرناچیت.

**٢-٤-٢-١-١: تایبەتمەندییەکانی ئامرازی گەیەنەر:**

١_ ئامرازی گەیەنەر دەچێتە سەر یەکێک لە ڕستەکان، کە پێی دەوترێت پاڕستە و بەشێکە لێی، واتای پاڕستەکە لەنگ دەکات؛ واتە واتاکەی بە تەنیا ڕوون نییە و پەیوەست بە شاڕستەکە دەبێت، بەڵام بە لابردنی ئامرازەکە لە ڕستەی پاڕستە، ڕستەکە واتاکەی تەواو ڕوون دەبێت، هەروەها بە هەردوو ڕستەی شاڕستە و پاڕستە، ڕستەی ئاڵۆز (تێکەڵ) دروست دەکەن [٤] ، بەم شێوەیە:

کە کۆچەر هات من چووبووم بۆ هەولێر.

ئامرازی گەیەنەر ← کە، پاڕستەیە ← کۆچەر هات، شاڕستەیە ← من چووبووم بۆ هەولێر

٢_ ئامرازی گەیەنەر واتای هەردوو ڕستەکە تێکەڵ بەیەکتری دەکات و باسی یەک شت (کەس) دەکەن، بەم شێوەیە:

_ دەست و دەم و چاوت بشۆ ئینجا نان بخۆ.

٣_ هەندێ جار ئامرازی گەیەنەر و لێکدەر بەیەکەوە لە ڕستەدا دەردەکەون و ڕستەی لێکدراوی تێکەڵ دروست دەکەن (حمەامین، ٢٠١٧، ٥٩)، وەکو:

_ کە مووچەکەم وەرگرت، کرێی خانووم دا و قەرزەکانیشم دایەوە.

پاڕستە ← کە مووچەکەم وەرگرت، شاڕستە ← کرێی خانووم دا، شاڕستە ← قەرزەکانیشم دایەوە

**٢-٤-٢-٢: ئامرازی لێکدەر:** جۆرێکە لە جۆرەکانی ئامراز، کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەیەکەوە بەستنی ڕستەکان هەیە ( واژەیەکە بۆ گرێدان و بەستنەوە و

یەکخستن بەکاردەهێنرێ) ( امین، ٢٠١٤، ٢٠٨)؛ واتە ئامرازی لێکدەر گرێ و ڕستەکان لێک دەدات و واتایان ڕوونتر دەکاتەوە، وەکو:

مەهران و حوسێن دەچن بۆ گوندی دۆڵەدزە. (دووگرێ)

بێجان وتی: کە من نایەم بۆ سەیران. ( دوو ڕستە)

**٢-٤-٢-٢-١: تایبەمەندییەکانی ئامرازی لێکدەر:**

**١ـ تایبەتمەندییەکانی ئامرازی لێکدەر لە ڕستەدا:**

اـ جۆری جیاوازی ڕستەی لێکدراو دیاردەکات [٥]، وەکو:

یان بخوێنە یان کاربکە. (ڕستەی لێکدراوی پێچەوانەیە)

بـ پەیوەندیی بە هیچ کام لە ڕستەکانەوە نییە، بەڵکو ئەرکی تەنیا گرێدانی ڕستەکانە و هەندێ جار ڕستەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و هەندێ جاری تریش پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، وەکو:

ـ دەهام هات، بەڵام دانەنیشت. ( باسی یەک کەس دەکات و ڕستەکان پەیوەندییان بە یەکتر هەیە).

ـ سەردار نووست و حەسەن ڕۆیشت. ( باسی دوو کەس دەکات و ڕستەکان پەیوەندییان بە یەکتر نییە).

جـ دەتوانرێت بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە خۆمان بپارێزین لە وشەی دووبارە و درێژدادڕی و ڕستەکان کورتبکەینەوە (دزەیی، ٢٠١٥، ١٥٥)، وەکو:

ـ ڕۆژگار دەرچوو.

ـ کاروان دەرچوو.

ـ هەرێم دەرچوو.

ـ ڕۆژگار و کاروان و هەرێم دەرچوون.

دـ لەهەموو ئەو ڕستانەی کە بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە دەبەسترێن کە رستەی هاوبەشی، وەکو ( ناو، ڕاناو، چاوگ، ئامرازی پەیوەندی، کار، .....)هەیە (امین، ٢٠١٤، ٢٠٩)، وەکو:

لە گوند و لە شار باران باریوە. (ئامراز) من و تۆ نان دەخۆین. (ڕاناو)

هـ_هەندێ جار ڕستەی لێکدراو بەبێ ئامراز لێکدەدرێن، جگە لەمەش هەندێکیان دەتوانن لە شوێنی یەکتر بەکاربێن، بەبێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکەن، بەپێچەوانەوەش ڕاستە، وەکو:

_ دەستت بشۆ، نانت بخۆ، بڕۆ بۆ قوتابخانە. ( ئامراز نییە)

_ ویستم بچم بۆ زانکۆ، بەڵام پەشیمانبوومەوە. (ئامرازی کەچی = بەڵام)

_ یاسین خوێندی کەچی دەرنەچوو. ( ئامرازی کەچی = بەشکو )

**٢_ تایبەتمەندییەکانی ئامرازی لێکدەر لە ڕووی وشەسازییەوە:**

ا_ هەندێکیان سەربەخۆن، وەکو: ( ئینجا، بەڵام، بەشکو،....)، بەڵام هەندێکی تریان دەلکێن بە وشەکانەوە، وەکو: ئامرازەکانی (ش، و).

ب_ واتایەکی ڕێزمانییان هەیە.

ج_ دوو وشە یان دوو ڕستە بەیەکتر دەگەیەنن ( لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، ١٩٨٥، ٣٢).

بەڵام ئامرازی لێکدەر بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت دوو وشە لێکبدات، ئەگەر دوو وشەی لێکدا ئەوا دەبنە (پاشگر، پێشگر، ناوبەند)، نەک ئامرازی لێکدەر، وەکو:

لە + کە = لەکە (پاشگر)          هات + و + چۆ = هاتوچۆ ( ناوبەند)

کە + پر = کەپر (پێشگر)

لەم نموونانەی سەرەوەدا (کە، و) ئامراز نین، چونکە بوونەتە بەشێک لە دروستکردنی واتای وشە، بەم شێوەیە:

شوانە هات و چوو. ( ئامرازە و بە تەنیا واتای نییە).

یاسای هاتوچۆ جێبەجێ بکە. ( ناوبەندە و بەشێکە لە دروستکردنی وشەی لێکدراو ).

**٢-٤-٢-٢-٢: جۆرەکانی ئامرازی لێکدەر:** لەڕووی واتاوە، دەبنە چوار جۆر:

ا_ ئامرازی لێکدەری پێچەوانە، وەکو: ( بەڵام، کەچی،....)، وەکو: ناسکە زیرەکە بەڵام ناخوێنێ.

ب_ ئامرازی لێکدەری هاوڕێک، وەکو: ( هەروەها، ئینجا، ش، ....)، وەکو: نازەنین و نەمامیش ڕۆیشتن.

ج_ ئامرازی لێکدەری نەرێ (نەفی)، وەکو: (نە.....نە)، وەکو: کچەکە نە دەخوێنێت نە شوو دەکات.

د_ ئامرازی لێکدەری هەڵبژاردە، وەکو ئامرازەکانی: ( یان.... یان، یا، یان، ...)، وەکو:

_ یان قسەی خێر بکە یان بێدەنگ بە. ( ڕەسوول، ٢٠١٤، ٣٣-٣٥)

**٢-٤-٣: ئامرازی نیشانە[٦]** : جۆرێکی ترە لە ئامراز، کە تەنیا ئەو وشانەی سەر بە گرووپی ناوین دەستنیشان دەکات، وەکو: (ناو، ئاوەڵناو، چاوگ، ژمارە)، بەم شێوەیە:

_ ئەم پیاوە هات. (ناو) _ ئەو دووە ببە. (ژمارە)

_ ئەم کۆبوونەوانە قەت قەت تەواو نابن. (چاوگ) _ ئەم زەردە بینە. (ئاوەڵناو)

**٢-٤-٣-١: جۆرەکانی ئامرازی نیشانە:**

١_ ئامرازی نیشانەی نزیک، وەک: (ئەم.....ە). ٢_ ئامرازی نیشانەی دوور، وەک: ( ئەو....ە).

**٢-٤-٣-٢: تایبەتمەندییەکانی ئامرازی نیشانە:**

١_ کۆمەڵەیەکی داخراون و ژمارەیان دووانە.

٢_ دەچێتە سەر ئاوەڵناو و چاوگ و ژمارە و ناوی گشتی و تایبەتی، وەکو:

_ ئەم ڕێبازە لە ئەو كچە زیرەكترە. (ناوی تایبەتی، ناوی گشتی)

٣_ وشە دەكاتە ناسراو، لەبەرئەوە نیشانەی ناسراوی وەرناگرێت، وەكو: ئەو ژنەكە مرد.

٤_ دوو پارچەن یەكیان لە سەرەتای ئەو وشەیەی دەچێتە سەری دێت، ئەوەیتریان لە دواوەی هەمان وشەوە دێت.

٥_ ئەو وشانەی بەهۆی ئامرازی نیشانەوە دەستنیشان دەكرێن، دەتوانن بەشێک لە نیشانە ڕێزمانییەكان وەربگرن، بەم شێوەیە:

ئەو كچانە هاتن. (ان) ئەو دووەمانە خەڵات بكەن. (ەم ، ان)

٦_ بەهیچ شێوەیەک ناچێتە سەر ڕاناو بەهەموو جۆرەكانییەوە، دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كاتێک هەردوو پارچەی ئامرازەكە لێک دەدرێن، ئەوا دەبێتە ڕاناوی نیشانە، بەم شێوەیە:

ئەم.....ە ← ئەمە ئەو......ە ← ئەوە

٧_ كاتێک ئامرازی نیشانە بۆ وشەی پرس دەگۆڕدرێ، ئەوا ئامرازەكە بۆ وشەی پرسی (كام) دەگۆڕێ، بەم شێوەیە: ئەو بەڕێوەبەرە دزە – كام بەڕێوەبەر دزە.

٨_ بەشداری لە داڕشتنی ڕستەی سادە و ناسادە دەكات، بەم شێوەیە:

ئەم بەڕووە تاڵە. (ڕستەی سادە)

ئەم بووكە و ئەو زاوایە یەكتریان زۆر خۆشدەوێ. (ڕستەی نادسادە)

**٢-٥: چۆنیەتی جیاكردنەوەی نیشانە و ئامرازە نووساوەكان بە وشەكانەوە:**

هەموو نیشانە ڕێزمانییەكان بە وشەكانەوە دەلكێن، بەڵام ئامرازەكان بەزۆری بەشێوەی سەربەخۆ دێن، كەچی هەندێكیان شێوەی خۆیان دەگۆڕن و بە وشەكانەوە دەلكێن، بەم شێوەیە:

نیشانەکان، وەکو: (ەکە، ێک، ەم، تر، ترین، مە، نا، نی، وە، بوو، دە، یّ، ە،.....)

ئامرازە لکاوەکان: (یّ، ە، ش، و، یش، لیّ، پیّ، تیّ، وە).

جا بۆ ناسینەوەی ئامرازە لکاوەکان ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو:

١_ هەر یەکە لە ئامرازەکانی (یّ، ە) کاتێک دەچنە سەر کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی، ڕۆڵی ئامراز دەبینن، وەکو:

ئامانج دەچێت بۆ کۆلێژ – ئامانج دەچێتە کۆلێژ. بۆ –ە

هۆشەنگ چوو بۆ بازاڕ. - هۆشەنگ چووە بازاڕ. بۆ-ە

کتێبەکە بە ئەوان بدە.– کتێبەکەیان بدەریّ. بە -یّ

٢_ هەریەک لە ئامرازەکانی (لیّ، پیّ، تیّ) بەوە دەناسرێنەوە، ئەگەر:

ا_ بتوانرێت بگۆڕدرێن بۆ ئامرازە ڕەسەنە سەربەخۆکانی پێشتریان، وەکو:

لێت دەدەم –لە تۆ دەدەم. لیّ –لە

پێی بڵیّ –بە ئەو بڵیّ. پیّ –بە

تێمان کرد –لە ئەومان کرد. تیّ –لە

ب_ بەردەوام ڕاناوی لکاوی بەدوادا دێت، وەکو ڕاناوەکانی (م، ت، ی،...)، وەکو:

زەندی خانووەکەی بە مەجید فرۆشت – پێی فرۆشت. بە –پیّ

ج_ تەنیا لە ئاستی ڕستە بەکاردێن؛ واتە دەبیّ هەموو کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەی تێدا بێت، وەکو:

ئامانج کارەکە بە ئاهەنگ دەکات –ئامانج کارەکە بە ئەو دەکات –

ئامانج کارەکەی پیّ دەکات –کارەکەی پیّ دەکات –پێی دەکات.

هەرچەند توانیمان تا ڕاددەیەک ڕستەکە کورت بکەینەوە، بەڵام زیاتر ناتوانین کورتی بکەینەوە.

٣_(و) دەبێتە ئامرازی لێکدەر، ئەگەر دوو ڕستەی بەیەکەوە بەستەوە، وەکو:

_ سەمیرە و بەدری کابانن. (دوو گرێن)

- هاتم و دانیشتم. (دوو ڕستەن)

٤_ ئەگەر تەنیا ئامرازی لێکدەری (ش، یش) لە ڕستەدا هەبێت و دوو ڕستەی سادەی لێکدابێت، یاخود ئەگەر (و) لەگەڵ (ش، یش) لە ڕستەدا هەبێت، ئەوا هەردووکیان دەبنە ئامرازی لێکدەر.

_ ئەمە سەگێکی ڕەسەنە بشمرین بەجێمان ناهێڵێت. (ئامرازی لێکدەرە).

_ فوئاد چووە هاندەران و خەرمانیش. (ئامرازی لێکدەرن).

٥_ ئامرازی (وە) دەبێتە ئامرازی پەیوەندی کە ئەلۆمۆڕفی ئامرازی پەیوەندی (بە) یە، ئەویش کاتێک لە پێش ناوێک بێت (٧). بە دڵ ___ وە دڵ (بڕوانە لاپەڕە ١٠)

**٢-٥-١: جیاکردنەوەی نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازە لکاوەکان:** مەبەستمان ئەو فۆڕمانەیە کە هاوبەشن، واتە هەم نیشانەی ڕێزمانین، هەمیش ئامرازن لە شێوەی نیشانەی ڕێزمانی بە وشەکانەوە دەلکێن، جا بۆ جیاکردنەوەیان ئەم خاڵانە دەخەینەڕوو:

| نیشانەی ڕێزمانی | ئامرازە لکاوەکان |
|---|---|
| ١- بە هیچ شێوەیەک (لێ، پێ، تێ، وە) نابنە نیشانەی ڕێزمانی. | ١- بەردەوام (لێ، پێ ، تێ، وە) دەبنە ئامرازی پەیوەندیی لکاو، چونکە نیشانەمان لەو فۆڕمانە نییە. |
| ٢- (ێ، ە) دەبنە نیشانەی بانگکردن ئەگەر لەدوای ناوێکی گشتی هات، وەکو: | ٢- (ێ، ە) ئامرازی پەیوەندیی گۆڕاون، ئەگەر لەدوای کارێک بێت، وەکو: منداڵەکەم بدەرێ. |

| | |
|---|---|
| کچێ پەرداخێک ئاوم بدێ.<br>ژنە وەرە. | دیدار دەچووە نەخۆشخانە. |
| ٣- هەر یەکە لە (ش، یش) دەبنە نیشانە ئەگەر لە ڕستە بێن، پاشان بتواندرێت لابدرێن بێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێکبچێت، وەکو:<br>کاوەش چوو – کاوە چوو.<br>ئامانج و ئاهەنگیش بوونە پزیشک.<br>ئامانج و ئاهەنگ بوونە پزیشک. | ٣- هەر یەکە لە (ش، یش) دەبنە ئامرازی لێکدەری لکاو، ئەویش کاتێک لە ڕستەدا هیچ ئامرازی لێکدەری تر نەبێت، وەکو:<br>خدر هات و نەوزادیش.<br>لەم ڕستەیەدا هەردوو ئامرازی (و، یش) بوونەتە ئامرازی لێکدەر، چونکە بەشەکانی ڕستەیان بەیەکەوە بەستووە کامیان لاببەی واتاکەی نامێنێت.<br>هەروەها کاتێک (ش، یش) دەبنە ئامرازی لێکدەر ئەگەر دوو ڕستەی سادەی لێکدابێت و هیچ ئامرازێکی تری لێکدەر لە ڕستەدا نەبێت، وەکو: خێزانەکەم بەوەفایە بشمرین بەجێمان ناهێڵێت. |

## بەشی سێیەم: بەراوردکردنی نیشانە و ئامراز

### ٣-١: خاڵی هاوبەشی نێوان نیشانە و ئامرازەکان:

١_ هەردووکیان؛ واتە نیشانە و ئامراز ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەکی پرس بگۆڕدرێن، جگە لە ئامرازی گەیەنەری (چونکە، لەبەرئەوە، لەبەرئەوەی، ...)، واتە ئەو ئامرازە گەیەنەرانەی کە هۆی شتێک دەگەیەنن، دەتوانرێت بگۆڕدرێن بۆ ئامرازی پرسی ( بۆچی، بۆ، لۆ) بەم شێوەیە:

پیاوە<u>کە</u> هات.

ئاوات جوانە <u>بەڵام</u> بەختی نییە.

ڕێبین نەهات <u>چونکە</u> نەخۆش بوو.

لە ڕستەی یەکەم و دووەم وشە هێڵ بەژێرداهاتووەکان بۆ وشەی پرس ناگۆڕێن، بەڵام لە ڕستەی سێیەم بۆ وشەی پرسی ( بۆچی) دەگۆڕێ.

٢_ ناتوانرێن، بەهیچ شێوەیەک نیشانە و ئامرازەکان بەتەنیا لە ئاخاوتن و نووسیندا بەکاربێن، چونکە واتای فەرهەنگی سەربەخۆیان دەرناکەوێ، جگە لە ئامرازەکانی( چونکە، لەبەرئەوەی، هەتاوەکو، بەڵام،....)، بەڵام هەردووکیان واتایان هەیە کاتێک دەچنە سەر وشەکان، یان ڕستەکان؛ ئەویش بەهۆی ئەوەی دەبنە هۆی گۆڕینی واتای وشەکان، یاخود ڕستەکان، بەم شێوەیە:

پڵینگ +<u>ان</u> = پڵینگ<u>ان</u> ( واتای گۆڕیوە و واتای کۆ دەدات)

<u>بۆ</u> پاسکیلەکە هاتم. ( بەمانای بردن)

٣_ نیشانە و ئامرازەکان دەچنە سەر زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکان، وەکو:

_ گوڵ<u>ەکە</u> (ناو) _ هاتن<u>ەوە</u> (چاوگ) _ برد<u>ەوە</u> (کار)

_ باشت<u>ر</u> ( ئاوەڵناو) _ دوێنێ<u>کە</u> ( ئاوەڵکار) _ من<u>ێک</u> ( ڕاناو)

بەهەمان شێوە ئامرازەکانیش، وەکو:

<u>کە</u> ئازاد هات من لەوێ بووم. (ناو) نامەکە <u>بە</u> ئێمە بنێرە. ( ڕاناو)

لە دوێنێوە تا ئەمڕۆ چاوەڕێت بووم. ( ئاوەڵکار )       ڕێبوار نانی خوارد ئینجا ڕۆیشت. ( کار )

بە کۆبوونەوە کێشەکان چارەسەر دەکەین. ( چاوگ )   فوئاد لە جوانترین کچ دەگەڕێت. ( ئاوەڵناو )

٤_ هەریەکە لە شێوەی نیشانە و ئامرازەکان کاتێك دەبنە هۆی دروستبوونی وشەی نوێ و دەبنە پێشگر و پاشگر، بەم شێوەیە:

بە + ناز = بەناز  ( پێشگر + ناو )    لە + کە = لەکە  ( پێشگر + پاشگر )

لەم نموونانەی سەرەوەدا ( بە، لە، کە ) بوونەتە پێشگر و پاشگر و بەهیچ شێوەیەک نابنە ئامراز :

کچێکی بەناز هات.

ئەگەر ئەم وشەی سەرەوە کە هێڵی بەژێردا هاتووە بگۆڕین بۆ وشەی پرس دەبینین، کە (بە) پێشگرە :

کچێکی چۆن هات.

چۆن = بەناز = بە + ناز = پێشگر + ناو = ئاوەڵناو

چۆن ≠ ناز (ناوە)

٥_ نیشانە و ئامرازەکان لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەکان، یاخود ڕستەکانەوە دێن، وەکو:

| | سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی |
|---|---|---|---|
| نیشانە | مەخۆ | بزنەکان | مەڕەکان |
| ئامراز | پێتان دەڵێم | چووە بازاڕ | بمدەرێ |

٦_ هەندێ جار نیشانە و ئامراز ڕاستەوخۆ لەدوای یەک دێن، هەندێ جاری تریش ناڕاستەوخۆ لەدوای یەک دێن و ڕاناوی لکاو لە نێوانیان دێت.

ئەم ژنانە جوانن. (نیشانە و ئامراز ڕاستەوخۆ لەدواوەی یەکن)
ئاوات بە پیاوەکانی تر بڵێ. (ئامراز + ناو + نیشانە)

٧_ هەندێ جار نیشانە و ئامرازەکان لە وشەکان دەبینین، بەشدارن لە دروستکردنی وشەکان و هیچ پەیوەندییەکیان بە نیشانە و ئامرازەکانەوە نییە، بەڵکو بەشێکن لە وشەکە:

لەرزۆک، کاکڵە، کەللە، بەفر، بۆکس، تاڵ.

**٣-٢: جیاوازی نیشانە و ئامراز:**

١_ نیشانەکان یەک شێوە دەرکەوتنیان هەیە، ئەویش تەنیا بە وشەکانەوە دەلکێن؛ واتە هەرگیز بەشێوەی سەربەخۆ دەرناکەون، وەکو:

پیاوەکە لە ژنەکە بە ئارامتر نییە. (نیشانە: ەکە، تر، نی)

بەڵام ئامرازەکان سێ شێوە دەرکەوتنیان هەیە:

ا_ بەزۆری بەشێوەی سەربەخۆ لە ڕستەدا دەردەکەون، وەکو: ( ئامرازی گەیەنەر و بەشێک لە ئامرازە پەیوەندییەکان و زۆربەی ئامرازە لێکدەرەکان)، وەکو:

تا نەچیت بۆ بازاڕ، نهێنییەکەت پێ ناڵێم.

ب_ هەندێ جار بەشێوەی سەربەخۆ و لکاو بە وشەکانەوە دێن، وەکو: ( ئامرازی نیشانە)، وەکو:

ئەم کۆترە بۆ فرۆشتن نییە.

ج_ زۆر کەم بە وشەکانەوە دەلکێن، وەکو: ئامرازە پەیوەندییە گۆڕاوەکان و ئامرازی لێکدەری (ش)، وەکو:

نەهرۆ چووە قوتابخانە. داناش چووە قوتابخانە

٢_ نیشانەکان کۆمەڵەیەکی داخراو پێکدێنن، بەو واتایەی دەتوانین دانەکانیان بژمێرین، کە ئەوانیش (ناسراوی و نەناسراوی و بانگکردن و دانەپاڵ

و کۆ و بەراورد و باڵا و نیشانە ڕێزمانییەکانی کار و تێپەڕاندن و دووبارەبوونەوەن)، بەڵام ئامرازەکان کۆمەڵەیەکی تەواو داخراو نین، بەڵکو تەنیا ئامرازەکانی پەیوەندی و ئامرازی نیشانە کۆمەڵەیەکی داخراون، بەڵام ئامرازەکانی لێکدەر و گەیەنەر بەهۆی گۆڕانی بەردەوامی زمان و جیاوازی شێوەزارەکان بەردەوام دەکرێ ئەندامی نوێ وەربگرن.

٣_ هەر یەک لە نیشانەکان ئەڵۆمۆرفی تریان هەیە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لە شوێنی یەکتر بەکارنایەن، بەڵام هەندێ ئامرازی پەیوەندی ئەڵۆمۆڕفی تری هەیە و دەتوانن لە شوێنی یەکتر بەکاربێن و هەندێ گۆڕانکاری دروست دەکەن، وەکو:

سەوزە + وات = سەوزەوات.

* سەوزە + گەل = سەوزەگەل (وات) ئەلۆمۆڕفی (گەل)

پێت دەڵێم= بەتۆ دەڵێم (پێ) ئەڵۆمۆڕفی (بە)

٤_ نیشانەکان بەدوو شێوە دابەش دەکرێن، یان بەپێی بەشە ئاخاوتنەکانی دەچنە سەریان، یانیش بەپێی شوێنیان لە وشەدا، بەڵام ئامرازەکان دەبنە سێ جۆر: ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی لێکدەر و گەیەنەر، ئامرازی نیشانە.

٥_ نیشانەکان زیاتر لە چوارچێوەی وشە دەردەکەون؛ واتە بەشێکن لە وشە، بەڵام ئامرازەکان لە ڕستەدا دەردەکەون، وەکو:

باشتر، پیاوان، هاتەوە، پیرێکە، نەهات. (نیشانە)

بە ڕزگارم وت: کە ئەو هات باوکم ڕۆیشتبوو. (ئامراز)

٦_ نیشانەکان بەپێی بیردۆزی مۆڕفیم پێیاندەوترێت مۆڕفیمی بەندی ڕێزمانی، بەڵام ئامرازەکان پێیاندەوترێت مۆڕفیمی ئەرکی.

٧_ دەکرێ چەندین نیشانەی ڕێزمانی ڕاستەوخۆ لەدوای یەکەوە بێن، بەڵام ئامرازەکان کەمتر بەدوای یەک دێن.

ئەگەر لە بۆ من دەخوێنی، واز بێنە. (سێ ئامرازن)

دووەمەکانی تر خەڵاتبکە. (چوار نیشانەن)

٨_ ئەگەر نیشانە لە ڕستە لابدرێت، ئەوا ڕستەکە واتاکەی تێکدەچێت، یان نامێنێت، بەڵام هەندێ لە ئامرازەکان دەتوانرێت لە ڕستە لابدرێن، یان بگۆڕدرێن بۆ نیشانەی خاڵبەندی بێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێکبچێت، وەکو:

پیاوی باڵا بەرز هات – پیاو باڵابەرز هات. (واتاکەی تێکچوو)

تۆ لەلای من زۆر بەڕێزی – تۆ لای من زۆر بەڕێزی. (واتاکەی تێکنەچووە)

ئازاد و نەوزاد مردن – ئازاد، نەوزاد مردن. (واتاکەی تێکنەچووە)

٩ _ دەتوانرێت هەموو جۆرەکانی ئامراز لە یەک ڕستەی ناسادەدا بێن، بەڵام بەهیچ جۆریک هەموو نیشانەکان لە یەک وشە، یاخود لە یەک ڕستەدا نایەن، وەکو:

ئەم سەگە بە چەقۆکوژراوە و ئەو گورگەش بە فیشەک.

**ئەنجام**

١_ نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان بەشێوەیەکی گشتی ناتواندرێن بۆ وشەی پرس بگۆڕدرێن.

٢_ نیشانە و ئامرازەکان دەچنە سەر هەموو بەشە ئاخاوتنەکان.

٣_ نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێن لە قسەکردن و نووسیندا بەتەنیا بەکاربێن.

٤_ هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی و ئامرازێک بەشداری لە دروستکردنی وشەی نوێ ناکەن، بەڵکو تەنیا شێوەی نیشانە و ئامرازن، ئەگەرنا پێشگر و پاشگرن.

٥_ نیشانە ڕێزمانییەکان کۆمەڵەیەکی تەواو داخراون و ئەندامی نوێ وەرناگرن، بەڵام ئامرازەکان تەواو داخراو نین.

٦_ نیشانە ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان لە ڕووی شوێنەوە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەکان یان ڕستەکان دێن.

٧_ هەندێ لە نیشانە ڕێزمانییەکان ئەلۆمۆرفی تریان هەیە و لە شوێنی یەکتر بەکارنایەن، بەڵام ئامرازەکان شێوەی تری هەمان واتایان هەیە و لەشوێنی یەکتر بەکاردێن.

٨_ نیشانەکان بەدوو جۆر پۆلێن دەکرێن، بەڵام ئامرازەکانی بەستنەوەی ڕستە بەیەک شێوە پۆلێن دەکرێن و دەبنە سێ جۆر.

٩_ هەر یەکە لە (ئەم....ە) و (ئەو.....ە) ئامرازی نیشانەن، نەک هاوەڵناوی نیشانە.

١٠_ نیشانە ڕێزمانییەکان یەک شێوە دەرکەوتنیان هەیە، کە پەیوەستن بە وشەوە و بەشێکن لێی، بەڵام ئامرازەکان سێ شێوە دەرکەوتنیان هەیە و لە ڕستەدا دەردەکەون.

**پەراوێزەکان:**

١ _ نیشانە ڕێزمانییەکان لەم سەرچاوانە وەرگیراون (حوسێن،١٩٨٥ ؛ پشدەری، ١٩٨٥، ٧؛ ئالانی، ١٩٨٠،١٠–١٥؛ بەرزنجی: ١٩٨٧، ٣٨-٤٣؛ ڕوخزادی، ١٣٨٩، ١٠٩).

٢ _ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی دانانی نیشانەی ڕێزمانی بە پێشگر، یان بە پاشگر، یان بە ئامراز بڕوانە: ( ئالانی: ١٩٨١، ١٢٥؛ ١٩٨٢،٣٩؛ ١٩٨٠،١٣؛ امین: (١٩٦٦، ٤٨؛ ١٩٥٨، ٥-١٢؛ ئیبراهیم: (١٣٤٧، ١٨-٢٧؛ ١٩٨٤، ٧١-٧٢؛ لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠١٧، ٩٩؛ پەروەردە و زانست، ١٩٧١، ٧٧؛ موکریانی، ٢٠٠٤، ٦٩؛ محمد، ١٩٧٦، ١٧؛ ڕوخزادی، ١٣٨٩، ١١١؛ کریم، ١٩٨١، ٧٦؛ بەرزنجی، ١٩٨٧، ٤٥-٤٧).

٣ _ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئامرازە پەیوەندییەکان، بڕوانە: (پەروەردەو زانست، ١٩٧١، ٧٦؛ امین،٢٠١٤ ، ١٩٩ _ ٢٠٠؛ ١٩٥٨، ١٤٤ _ ١٤٦؛ محمد، قادر،٢٠١٠، ١٣٥؛ ئایوسوپۆڤا،١٩٨٤، ٤٥ _٥٠؛ امین و ئەوانی تر،١٩٦١، ٨٢؛ لیژنەیەک لەوەزارەتی پەروەردە،٢٠١٧، ٩٥).

٤_ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پاڕستە و شاڕستە و ڕستەی ئاڵۆز، بڕوانە: (ڕەسوول، ٢٠١٤، ٣٧-٤٤).

٥_ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو، بڕوانە لاپەڕە ( ١٢ )ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

٦_ بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی دانانی ئامرازی نیشانە بە ئاوەڵناوی نیشانە بڕوانە: (ڕوخزادی، ١٣٨٩، ٥٨؛ خۆشناو،٢٠١٥، ٥٥).

٧_ بڕوانە لاپەڕە ( ٩ )ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

## سەرچاوەکان

### کتێبەکان:


_ ئالانی، رؤوف احمد (١٩٨١)، کێشەیەک لە ڕێزمانی کوردیدا، بەغدا: چاپخانەی ( دار الحرية).

_ ئیبراهیم، ئیبراهیم عەزیز (١٣٦٧)، ئامراز لە زمانی کوردیدا، چ١: ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی.

_ امین، نوری عەلی (١٩٥٨)، قەواعیدی زمانی کوردی لە ((صرف و نەحو))دا، ب٢، بەغدا: چاپخانەی مەعارف.

_ امین، نوری عەلی (١٩٥٨)، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، بەغدا: چاپخانەی مەعارف.

_ امین، نوری عەلی (١٩٦٦)، ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، بەغدا: چاپخانەی (سلمان الاعظمي).

_ امین، نوری عەلی (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی، چ٤، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

_ امین، نوری عەلی و ئەوانی تر (١٩٦١)، ڕێزمانی کوردی، چ٢، چاپخانەی (التضامن).

_ امین، وریا عمر (٢٠١٦)، ڕێزمانی کاری زمانی کوردی، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین.

_ بابان، شێرکۆ (٢٠٠٨)، زمانی نووسینی ڕێزماندار، چ١، هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس.

_ بەرزنجی، ئەحمەد قادر (١٩٨٧)، ڕێزمانی کوردی بۆ ئەوانەی کورد زمان نین، چ٢.

_ پشدەری، صالح حسین (١٩٨٥)، کورتەیەک لە ڕێزمانی کوردی کرد و لێکۆڵینەوەیەک، بەغدا: چاپخانەی بەغدا.

_ خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (٢٠١٥)، ڕێزمانی کوردی، چ٧، لە هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

_ دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٥)، ڕێزمان و واتا، چ٣، هەولێر: ناوەندی ئاوێر.

_ ڕوخزادی، عەلی (١٣٨٩)، ڕێزمانی کوردی سۆرانی، چ١، سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان.

_ ڕەسوول، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٤)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چ٣، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.
_ ڕەسوول، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٤)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
_ سعید، یوسف شریف (٢٠١٣)، وشەسازی زمانی کوردی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
_ شوانی، ڕەفیق (٢٠١٤)، وشەسازی زمانی کوردی، چ٢، کەرکووک: چاپخانەی داودی.
_ فەخری، نەسرین ( ١٩٧٥)، پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ب٣، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
_ فەخری، نەسرین و کوردستان موکریانی (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
_ فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
_ لیژنەی دەستووری زمانی کوردی (١٩٨٥)، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە زمانی کوردیدا، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق (( دەستەی کورد)).
_ لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٧)، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چ ١١.
_ محمد امین، امیر محمد (٢٠١٦)، وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، چ١، هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین.
_ محمد امین، یوسف نوری (٢٠١٥)، ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین.
_ محەمەد، مەسعود (١٩٧٦)، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، بەغدا.
_ موکریانی، کوردستان (٢٠٠٤)، سینتاکسی ڕستەی تێکەڵ، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

**نامەی ئەکادیمی:**

_ حەمە ئەمین، بەختیار نوری (٢٠١٧)، کاریگەری ڕستەسازی کوردی لەسەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

**گۆڤارەکان:**

_ ئالانی، رؤوف احمد (١٩٨٠)، ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ))، ژ (٨٢)، بەغدا.

_ ئالانی، رؤوف احمد (١٩٨٢)، دیاردەیەکی زمانەوانی، گۆڤاری ((نووسەری کورد))، ژ (٨)، خولی دووەم، بەغدا.

_ ئا. یوسوپۆڤا، زەری (١٩٨٤)، واتای ئامرازی پەیوەندی ((لە)) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ))، ژ (١٠٣-١٠٤)، بەغدا.

_ ئیبراهیم، ئیبراهیم عەزیز (١٩٨٤)، وردبوونەوە لە چەند ئامرازێکی کوردی، گۆڤاری ((ئۆتۆنۆمی))، ژ (١)، ساڵی (٨)، هەولێر.

_ پەروەردە و زانست (١٩٧١)، هەندێ تێبینی لەسەر ئیملای کوردی، گۆڤاری (پەروەردە و زانست)، ژ (٢)، بەغدا.

_ ج. خەسرەو (١٩٥٧)، گۆڕانێک بەسەر شێوەکەماندا، گۆڤاری ((هەتاو))، ژ (٩٩)، هەولێر.

_ حوسێن، هیمدادی (١٩٨٥)، نیشانەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ))، ژ (١٠٦)، بەغدا.

_ قادر، ابوبکر عمر (٢٠١٦)، ئەرکی سێگمێنتی (ێ) لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ (٥١).

_ کریم، فتح الله (١٩٨١)، دەوری پیتی بزوێنی ((ە)) لە ڕێزمانی کوردیدا، گۆڤاری ((ڕۆژی کوردستان))، ژ (٦٣)، بەغدا.

_ محەمەد، فەرەیدوون عەبدول و ابوبکر عمر قادر (٢٠١٠)، کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژ (٢٧).

_ وەیس، غازی فاتح (١٩٨٥)، جیاوازی نێوان مۆرفیم و وشە، گۆڤاری (( کاروان))، ژ (٣٨)، هەولێر.

## ملخص البحث

### مقارنة العلامات النحوية والأداة في اللغة الكوردية:

اهتم البحث بالجوانب الصرفية والنحوية، لأن هناك خلط بين علامة القواعد والاداة وهذا الخلط من الأخطاء الشائعة ويعود إلى شكلها.

ويتكون البحث من المقدمة وثلاثة فصول والنتيجة وقائمة المصادر والمراجع.

الفصل الأول: تعريف العلامة وهو متكون من المفهوم والمميزات والتعريف وأسباب العلامة.

الفصل الثاني: وهو متكون من (المفهوم والمميزات والتعريف وانواع ادوات العطف والربط والتوصيل) و التعريف بين علامة القواعد والاداة ايضا.

الفصل الثالث: نقاط الموافقة والمخالفة، الموجودة بين علامة القواعد والأداة

الكلمات الدالة: العلامات النحوية ، الادوات ، ادوات الاتصال ، الادوات التفسيرية ، الخصائص ، الاختلافات.

## Abstract

### A Comparison of Grammatical signs and Articles in Kurdish Language

This research entitled (Comparison of Grammatical Signs and Articles in Kurdish Language) , is an attempt to discuss an important topic of language, which has not been tackled in detail and scientifically in Kurdish language ،besides some mistakenly called grammar signs articles and vice versa.

The discussion will be more in terms of Morphology and syntax, because the confusion of grammatical signs and articles, which is a common mistake ،is mostly due to their form.

This research consists of a forword, three sections, results, and a list of references.

Part One: Identifies a sign that includes concepts, characteristics, definitions, and symbol types.

Part Two: Includes: (Concepts, characteristics, definitions, and types of communication tools, investigators and conveyors, as well as the separation of grammar signs and instruments with words).

Part Three: Includes common and different points, which are between grammar signs and tools.


**Key words:** grammatical marks, Articles, communication articles, interpretive articles, comparisons